**سروشت عومەر مەعروف**

# باران

ئەوەندە وێنەی بارانی کێشا،هەتا شەوێکیان باران
ژوورەکەی تەپاند،بەسەریداوخۆیو تابلۆکانی کەوتنە
سەرئاو،تەنیا یەك دووتابلۆ نەبێت. لەفەوتان ڕزگار
بوون ولەماڵی بێوەژنێکی دەوڵەمەندا زیندانیکران
****************

# ئازاریك

لەسووچێکی عەرەبانەکەوەهەڵتروشکابوو.چاوەخورمایيەکانی لەدێڕەکانی
کتێبەکەی سەر ڕانی گیرکردبوو،پاڵتۆیەکی کەوەیکۆنی کردبوەبەری.تیسکەکانی
کورت ودرێژ بەشێوەیەکی ناڕێك هاتبوونەخوارەوە.

ـ ئاهەستە ڕووناك ئەم پیالأنە بشۆ.

مێرد منداڵەکە بەم ڕستەیەلەخوێندنەوەی وانەکەی خست.ئەویش بەرزەپێ هەستاو پڕی بەپیاڵەکانداکرد،لەولەگەنەی لەبەردەم بەرمیلێکی بچوکدا .کەئاوی گەرمی تێدابوو.بەدەستەخرپنەکانی کەوتەشۆردنیان.ئەمەی بەکاکی گووت:

کاکە شوکورئەمرۆموشتەریمان زۆرە،تائێواریدەست کەوتێکی باشمان دەبێت.

کاکیشی خەریکی پەمپ تێکردنی پەرەمێزیکتریەچاکەبوو،دەی وەختی قسەنیە

زووکە ووریابە پیاڵەیەك نەشکێنی بارانەکەبەتاو دەباری گەر چەرداخی سەرئەودوکانەداخراوەنەبوایەکەلەبەردەمیدا وەستابوون. ناچاربوون ئەڕۆژئیش نەکەن ئابچکۆل چایەکی خەستمان بدەرێ.کابرایەکی کەلەزلی ڕەشتاڵە ئەمەی بەمێرد منداڵەکەگووت.ئەمیش خەریکی شەکرتێکردنی پیاڵەکان بوو,وەك

ئەم دەنگەی لەلائاشنا بێت .سەریکی هەڵبڕی حەپەسا!!چاوەکونەدەرزیەکانی زیاتر کرانەوە.کابرا ئەم جارەیان قایم تر داوایچایەکی لێکردەوە.

بۆگۆج بوویت خێرا تێیکە ڕوناك بەفریای کەوت وچاکەی بۆتێکرد.بەدووقوم
هەڵی قوڕاندو،دیناریکی بۆهەڵداوگوم بوو.مێردمنداڵەکە تائەو کاتەش نەهاتبۆوە
سەرخۆی,بەماتیەکەوەبەخوشکەکەی wووت:ئەزانی ئەوە کێبوو؟

ئەویش بەترسێکەوەووتی؟!

چوزانم بۆچی کاکە؟!!

سەیرێکی خوشکەکەی کردەوەولەوساتەشدا ئەشك ڕێگای خۆی دۆزیبۆەگووتی:

ئەو وورگنە حیزەبوو کەپارباوکمانیکردبەژێر ماشینەکەیەوە.

2001/1989

***************************

## فستق

کاکە ئەوەکیلۆی فستق بەچەندە؟!

کەسەرم هەڵ بڕی کابرایەکی بەساڵاچووی پڕبەمانا

داماو دەهاتە پێش چاوان! سینیەکیبەدەستەوەگرتبوو!

منیش یەکسەری پێم گووت

بۆفرۆشتنەوەت دەوێت؟!

بەخەمباریەکەوە گووتی؟

ئەی قابیلە بیخۆین!!

************************

## چاوەروانی

پیرەمێردەکە ختوکەی بەو منداڵەدەهات کەگەڵاوەریوەکانی چواردەوری ئەمی کۆدەکردنەوەو دواتریش کەدەستەخرپنەکانی پڕدەبوون جارێکی دی حەوای دەدان ودەی کردنەوە بەسەری خۆیدا و دەتریقایەوە. تا پیرەمێردەکە فرسەتی هێناو توند مەچەکی گرت و لەلای خۆیەوە دای نیشاند دەستێکی بەقژەمێوژیەکەیدا هێناو ووتی ئەوەبۆ وادەکەیت هەرحەزت لەم بەزمەیە ؟

بەدەنگێکی ناسك ووتی حەزیشم لەمەمکە پیرەمێردەکە زەردەیەکی بۆکرد ووتی چی تریش دیسانەوە ووتی مەمکەکەی دیکەش ئاهێکی بۆهەڵکێشاو ووتی چی دیکەش؟

پڕبەدەمە نوقوڵیەکانی هاواری کرد ماچێکیش پیرەمێردەکە توند بەخۆیەوە گوشی و ڕوومەتە نوقوڵیەکانی ماچ کردپێی گووت:

کاتێك لەتەمەنی تۆدابووم هەمان پرسیارم لێکراوە ,هەر وەڵامەکەی تۆشم داوەتەوە

بەڵام هەتا ئەم وەرزەپاییزیەش ماچێکم نەکردووە

2001/8/8